

### شێرزاد حەسەن، بۆ "رەخنەی چاودێر":

# دەنێو سروشتدا هیچ بوونەوەرێک بەقەد ئافرەت پڕ نییە بەهێزی ئێرۆسییەتو ژیاندۆستی، خودی ژن لەناو سروشت دەربکە.. هیچ جوانییەک نامێنێتەوە

**سازدانی: ئاسۆ هاشم**

**بەشی دەیەم**

**رەخنەی چاودێر: لەکورتە رۆمانی (حەسارو .. سەگەکانی باوکم)دا کوڕی گەورە نەخشەی کوشتنی باوک دادەڕێژێت، پاش کوشتنەکە پەشیمان دەبێتەوە. ئایا ئەم پەشیمانییە پەشیمانبونەوەیەکی رۆحی بوو لەنێوان کوڕو باوک یان ئەو پەرتەوازە بوونەی خوشکو براکان بوو کە هەریەکەیان دوای هەوەسی خۆی کەوت؟**

**تەواوکەری وەڵامی پرسیاری پێشوو..**

شێرزاد حەسەن: بیرۆکەی (حەسار) لە ساڵی (١٩٨٧) و لەبەغدا لەرۆحمدا چەخماخەی دا ئەو وەختەی چەپکێک گوڵم بۆ دۆستێکی نەخۆشم دەکڕی دەنێو دوکانی گوڵفرۆشێکدا. خاوەن دوکان قەفەزێکی لەناوەڕاستی دوکانەکەدا هەڵواسیبوو کە چەند بولبولێکی چکۆلەی تێدا بوو بەقەد پەنجە توتەو لەباڵەفڕە نەدەکەوتن، دەرگای قەفەزەکە کراوەبۆوەو هەر بە باڵەفڕە هاتنە دەرەوەو بەناو دوکان دا هەڵفڕینو بەسەر ئەو جۆلانانە نیشتنەوە کە دوکاندار لەناو دەرگای دەرەوش بۆ بولبولەکان هەڵیواسیبوون، من شاگەشکە بووم کە ئیتر کابرا لەمەلەکانی بێئاگایەو هەنووکە رووەو ئاسمانی ئازادی دەرەوە هەڵدەفڕن، کەچی وا نەبوو..

بولبولەکان ملکەچانە کە بە (فنس) ناسراون گەڕانەوە ناو قەفەزەکەیان، بەخەمەوە لەگوڵفرۆشەکەم پرسی: ئەم بولبولانە بۆچی نەفڕین خۆ دەرگاکە کراوەیە.. بەخەندەوە وتی: ئەم بولبولانە خوویەکی هیچیان هەیە، کە چل رۆژ لەناو قەفەز مانەوە بەمەرجێک دەرگایان لێنەکەیتەوە. تا لە دەرەوە بفڕن.. ئیتر هۆگری قەفەزەکەیان دەبنو هەرگیز بەجێیناهێڵن.

بۆ ساتەوەختێک رامامو بیرم کردەوە کە ملیۆنەها کەس بەدرێژایی مێژوو، لەقۆناغی جیاوازدا، دۆخی ئەو بولبولە ملکەچانە ژیاونو ئارام بەکۆیلەبوونو هەوای قەفەزو بەندیخانەکانو حەسارەکان.

لەپرسیارەکەتدا ئاماژە بەوە دەکەیت ئاخۆ پەرتەوازە بوونی خوشکو براکان لەوەی کە هەر کەسەو دوای هەوەسی خۆی دەکەوێت دوای رمانی حەسار دەبێتە مایەی پەشیمانی کوڕی نۆبەرە لەکوشتنی باوک؟

لەڕاستیدا جگە لە (رابی) کە دوا ژنی زۆر جحێڵی باوکی کوڕەکەیە هیچ یەکێک لەکچو کوڕەکان بەواقیعی ناوێرن حەسار جێبێڵن، لەدوای کوشتنی باوکەو رمانی حەسار لەتەک (رابی)دا، زێوان - ی گۆڕستانەکەمان هەیە کە کوڕی گەورە ئامادەیە خوشکەکانی لێ مارە بکات گەر پاسەوانی ئەو گومەزو گۆڕستانە بکات کە خۆی و باوکی پێکەوە تیایدا نیشتەجێن، نەفرەتی کوشتنی باوک لێیناگەڕێتو هەر بەدواوەیەتی تا بەوە دەگات لەناو گۆڕەکەو گومەزەکە لەتەک تەرمی باوکیدا بژی، پرسیاری ئەوەم زۆر لێکراوە کە (رابی) ژنە چکۆلەی باوکەکە وێنەی (حەوا)یە بۆ فریودانی کوڕەکە تاوەکو بابی بکوژێت، ئاخۆ (رابی) هەڵگری رۆحی هەوەسو شەهوەتەو نموونەی ناشیرینی ژنێکە کە لەپێناو ئازادی خۆی تاوەکو بگات بەعاشقەکەی کە باخەوانێکە حەسار کاول دەکاتو مێردەکەی لەخوێن دەگەوزێنێتو خوشکو براکانی ناو حەسار سەرگەردان دەکات؟ سەرگەردانن چونکە لەنێو حەسارو گۆڕستاندا سەفاو مەروا دەکەنو شوێنێکی دیکە شک نابەن بۆ سەرفرازی، کەواتە دەنێو کۆیلەبوونو مەرگدا لەهاتو چووندان، تاکە کەسێکی ئازاد لەو ناوەدا (زێوان) ی هەوەسبازە کە بۆنی مەرگی لێدێت.

سەبارەت بەچیرۆکی (میم) و بەرهەمەکانی دیکەشم هەمان پرسیاری هەوەسو شەهوەت دووبارە دەکەیتەوە، مەسەلەی پەیوەندی نێرو مێ بەهەموو گرێو نهێنیو ئاڵۆزییەکانی.چ لەحەسارو چ لەدوا بەرهەمەکانم نۆڤلێتی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان) و (ژنێکی منگن)دا بەئاشکرا کارو پرۆژەی منە لەسەر هەڵکۆڵینی ئەو پەیوەندییە زۆر پڕ گرێو کێوییەی نێوان مێو نێرەکانە کە هەمیشە بۆ من مایەی تێڕامانی تازەیە، لە (حەسار)یشدا (رابی) نوێنەری گەورەترین هێزو سیحری ئێرۆتیکییە کە کانگای سۆزو جوانیو هەوەسە، بەواتایەکی دیکە دەنێو سروشتدا هیچ بوونەوەرێک بەقەد ئافرەت پڕ نییە بەهێزی ئێرۆسییەتو ژیاندۆستی، خودی ژن لەناو سروشت دەربکە.. هیچ جوانییەک نامێنێتەوە، سەیر نییە کە هەموو ئاینەکانو فیکرو هونەرو ئەدەب ئافرەتیان کردووە بەرۆحی خوڵقاندنی سەدەها ئەفسانەو داستانو هەقایەت، سەرەتاو کۆتایی بوونو نەبوون، هەموو کارو گەمەکانی ناو حەسار چەند تاڵو ناخۆشن دەنێو (حەسار)دا، کەچی رێکو رەوانو خامۆشانە دەڕۆن بەڕێوە، لەگەڵ هاتنی (رابی) خۆشەویسترین ژنی باوکە هەموو رووداوەکانو کارەساتەکان ئاراستەی دیکە وەردەگرن، روگەکان دەگۆڕێن، چونکە (رابی) ئافرەتێکە دەستبەرداری خەونو خەیاڵو عەشقو هەوەسی خۆی نابێت دەنێو حەسارەکەشدا، (رابی) گەمەی ژیانە بەهەموو جوانیو کێوی بوونو سەرکێشی خۆیەوە، یەکەمین شۆڕشگێڕو جەربەزەو هەڵگەڕاوە لەیاساو رێساکان ئافرەت بووە، (حەوا) گەورەترین نموونەی مومارەسەکردنی ئازادییە بە بەرچاوی خوداوە کە لەئاینەدا (ئازادی) بە (گوناه) تێکەڵ کراوە، وەلـێ

**راستە**

**پەیوەندی عەقڵو ئازادی تۆکمەو دامەزراوە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە عەقڵەکان ترسنۆکو بەندەوارو شەرمنن. ئێمەش دەنێو- هەزارەها توخمو رەگەزی جۆراوجۆری ناو سروشت خاوەن بیچمو رۆحێکی تایبەتین کە دواجار سروشت بێ جیاوازی هێزو تواناکانی خۆیمان لەسەر تاقی دەکاتەوە**

خودی خودا سەرسامە بەگەمەی (ئازادی) و گوناهکردنی (حەوا)ەوە بۆیە دەستی ناگرێت ، زانینو پەی بردن بەتامی میوەی حەرام خۆشترە لەمانەوەی حەواو ئادەم وەک دوو فریشتەی بێ گومانو بێ پرسیارو بێ مەراقو خامۆش.

خودی باوکەکەی (حەسار) وەک یەزدان لێدەگەڕێت (رابی) گەمەی کوشتن تا ئەوپەڕی ئازادی بەرێوەبباتو بگرە لەزەتی لێدەکات.

چ سۆزو حەزو عەشقی ناو بنێین، چ هەوەسو شەهوەت سێکس:لەشوێنێکدا یەک دەگرنەوە کە وزەو هێزی لەبن نەهاتووی ئێرۆتیکایە کە رۆحو جەستە بەیەکەوە گرێ دەدات. ئاخر سێکس رەگەزێکە لەناو کۆی رەگەزەکانی سروشتدا، سێکسو هێزی ئێرۆسییەت کێویو سروشتییە لەناو خودی مرۆڤدا. سەرەتا سروشت هەبووە، ئەو باکگراوندەی کەهەر هەموو بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بە یەزدانو ئادەمو حەواو گەمەی ئازادیو گوناه هەر لەو سەرزەمینو باکگراوندەوە هەڵقوڵیوە، جا چ لەگەڵ یەزدان - دا تەبا بووبین یان دژو ناکۆک، هەمیشە خودی سروشت وەک گەورەترینو باڵاترین کێشەو گرفتی ئەخلاقی خۆدەنوێنێت. هیچ هیوایەکمان لەبەردەمدا نییە بۆ تێگەیشتن لەسێکسو گرفتی نێوان مێو نێر وەک دوو رەگەزی لەیەکچوو یان جیاواز گەر نەتوانین لەسروشتو نهێنییەکانی تێبگەین.

سێکس کە هەڵگری مانایەکی بەربڵاوی پەیوەندی مێو نێرە، رەگەزێکە لەناو کۆی رەگەزەکانی سروشتدا. کۆمەڵگا بونیاتو پێکهاتەیەکی دەستکردە، دەکرێت وەک بەرگری کردن لەهێزی سروشت بوەستێتو پاڵپشتی بێتو دەکرێت رێگر بێت لەتەقینەوەی ئەو هێزە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی ئێمە بێ کۆمەڵگا رووتو قووت دەمێنینەوەو لەبەردەم گەرداوو زریانێکدا دەوەستین کە پتر لەگێژاوو زریانی ناو زەریایەکی سەرشێت دەچێت کە تێیکەوتبین، ئەو زەریایە خودی سروشتە. کۆمەڵگای ئینسانی سیستمێکە لەشێوازو قاڵبی بەمیراتو بۆماوە کە دەکرێت لەو ملکەچیو گرگنیو سووکییەمان کەم بکاتەوە لەبەردەم ئەو سروشتە کێویو شێتەدا، وەلێ هەمیشە کۆمەڵگا بۆئەوەی ئەم کارە بکات هەموو ئەو هێزە ئێرۆتیکیەمان لێدەستێنێتەوە، چی هەوەسو شەهوەتی ژیان هەیە کۆنترۆڵی دەکاتو لەقاڵبی دەدات بەناوی پاراستنی پاکیو شەرەفو ئەخلاقەوە کە سەرچاوەکەی ئایینو دابو نەریتو کۆی کۆدە پیرۆزەکانی کەلتوورە. هەر هەموو ئاینە ئاسمانیو غەیرە ئاسمانییەکان بەدەوری هێزی کێویو بەلەسەی ئەو غەریزەیە دەخولێتەوە کە مێو نێرەکان بەرەو لای یەکدی کەمەندکێش دەکات، زۆربەی هەقایەتو ئەفسانەکانیش باس لەوە دەکەن کە مێو نێر سەرەتا یەک کەس بوون یان تەنێک بوو لە مێو نێر، پاشان بوو بەدوو لەتو دوو زات، هەر ئەو لەتبوونەش گەڕانی ئەبەدی دروست دەکات بەدوای لەتەکەی دیکەدا، لەئەفسانەکانی ناو میراتی فیکری یۆنانیو هیندۆسەکانەوە بیگرە تا چیرۆکەکانی ئادەمو حەوای ناو تەوراتو ئینجیلو قورئان ئاماژە کردنە بەو یەکبوونو لەتبوونە. قۆناغی بەهەشت قۆناغی بەر لەخۆناسینە، نەبوونی مەعریفەتە بەو هێزە سروشتییەی کە بەغەریزەی سێکسی ناسراوە، قۆناغی دەرکردنمان لە بەهەشت پەی بردنە بەو وزە هارو کێوییە، مەعریفەتە بەبوونی عەورەتو خۆناسین، قۆناغی سروشتێکی دیکەیە کە هاوسەنگیو هێمنو گوێڕایەڵی ناو بەهەشتمان جێهێشت،کەوتینە ناو گەمەی ئازادیو لەزەتەکانی گوناهکردن، هەمیشە سەرزەمین گۆڕەپانی شەڕێکی هەتا هەتاییە لەنێوان دوو هێز کە لەنێوان ژیانو مەرگدا گەمەمان پێدەکات، سەپاندنی مەرگیش هەر سزایەو تۆڵەی یەزدانە بەوەی ئێمە زاتی ئەوەمان کرد خۆمان بناسینو هەستمان بەخوێنو گۆشتو شەهوەتێک کرد، زاتی ئەوەمان کرد لەدرەختی حەرامکراو بخۆین، ئەفسانەو چیرۆکەکان وا دەڵێن، دوای پەیدابوونی کۆمەڵگاکان لەسەر زەوی مرۆڤ بەجۆرەها کۆدو یاساو رێسای مەدەنیو ئاسمانی گەرەکیەتی سنوورێکی عەقڵانی بۆ ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی مێو نێر دابنێت، بەواتایەکی دیکە ئەو هێزە تاریکو جوانو بەربادەی لەخوێنماندا جۆشو خرۆشی هەیەو وەک زەریا کەف دەکات لە قاڵب بدرێتو شوورەو دیواری هەبێتو کەمو زۆر بەرزەفت بکرێت، تا هەنووکە هەر مەحاڵ بووە، لەوەدا سایکۆلۆژیا کۆمەکمان دەکات کە بۆچی وایە، خۆ ئێمە بۆ هەمیشە هەوڵدەدەین ئەو فۆرمو قاڵبانەی کە نەخشەی ئەخلاق رەسم دەکات لەناو کۆمەڵگادا بگۆڕین، چ لەسەرخۆو هێدی هێدیو چ کتووپڕ، بەڵام ئەفسووس.. هەرگیزاو هەرگیز سەرناکەوین، چ لەرۆژهەڵاتو چ لەرۆژئاوا، چونکە دەوترێت گۆڕانکاری یاساو رێساکانو کۆدەکانی ئەخلاق دەنێو کۆمەڵگادا هەلومەرجی گۆڕان لەناو سروشتی ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ بەدوای خۆیدا ناهێنێت، هێشتا نەوەکانی حەواو ئادەم یان ئەو مرۆڤەی لەمەیموون دا کەوتووە یان لەمەیموون چووە بۆنی دارستانو جەنگەڵو ئەشکەوتەکانی لێدێت، هێشتا مەراقی پیسەو شێتی پەیبردنە بەنهێنییەکانو مەراقی خۆناسینو دونیا ناسین هەموو گەمەو گوناهێکی پێدەکات، هێشتا پیاوەکان راوچیو جەنگاوەرن، هێشتا ئافرەتەکان رۆحی هەڵگەڕاوەی دایکە حەوایان تێدا ماوە، گەرچی لێرەو لەوێدا کوژراوە، کەچی چ لەکوێرە گوندێکی کوردستان بێتو چ لەسەر پلاژەکانی زەریای (کاریبی) بێت ئەو رۆحە جەربەزەو هارو تەماعگیرەی مێینە خۆی لەکۆتو بەندەکان رادەپسکێنێتو گەمەیەکی سەربەستانە دەکات بێئەوەی لەوە بترسێت چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکات، هەرگیزاو هەرگیز مەرج نییە ئادەمیزادەکان لەبوونەوەرە هەرە نایابو خۆشەویستو دانسقەکانی سروشت بن، ئەوەی جیامان دەکاتەوە لەقەڵەرەشو بولبولو شێرو مەیموونو مارو مێروولەو بەتەنها ئاوەزو عەقڵە، بەڵام ئەو دیارییە چ خواهانە بێتو چ دەسکردی سروشت خۆی وامان لێناکات کە نازو فیز بەسەر خەڵقەندەکانی دیکەدا بکەین، گەر جوانی هەر بوونەوەرێک لەوەدا بێت چەندە ئازادە، ئەوە گومانی تێدا نییە بەغەریزە ئەوان لەئێمە ئازادترن، راستە پەیوەندی عەقڵو ئازادی تۆکمەو دامەزراوە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە عەقڵەکان ترسنۆکو بەندەوارو شەرمنن. ئێمەش دەنێو- هەزارەها توخمو رەگەزی جۆراوجۆری ناو سروشت خاوەن بیچمو رۆحێکی تایبەتین کە دواجار سروشت بێ جیاوازی هێزو تواناکانی خۆیمان لەسەر تاقی دەکاتەوە، سروشت نەخشەی سەرەکی - ماستەرپلانی - خۆی هەیە کە ئێمە زۆر بەلێڵیو تەمو مژاویو کەم تێیدەگەین. ژیانی مرۆڤ بۆ هەمیشە پڕ بووە لەگومانو دڵەڕاوکێو ترسو هەڵەتەبوونو راکەڕاکە. خودی ئایین دەنێو سرووت - تەقس - و نەریتەکانی خۆیدا سەرگەرمی پاڕانەوەو لاڵانەوەو قوربانی بەخشینو رازیکردنی رەگەزە شێتو کوشندەکانی سروشت بووە، لەسەد رێگەوە ویستوویەتی لەتووڕەبوونەکەی کەم بکاتەوە، هەر لەلافاوو بوومەلەرزەو گڕکانەوە دەیگریت تا تەقینەوەو گڕکانی هێزو وزەکانی شەهوەت کە لەمرۆڤدا بەلەسە دەبێت، ئادەمیزاد هەموو شتێکی کردووە بۆ هێورکردنەوەو نەهێشتنی رەگەزە شێتو تۆڵەسێنو زەبروەشێنەکانی ناو سروشت، لەهەمووشی کوشندەتر هاواری هەوەسو غەریزە بووە، (دی. ئێچ.لۆرانس) واتەنی ئەوەی کە فەرمانمان پێدەکات خوێنە نەک عەقڵ، فەرمانی خوێن هەمیشە بەسەر فەرمانی عەقڵدا زاڵ بووە.

مرۆڤی شارستانی دەیەوێت پاشکۆیەتیو زەبوونی خۆی بەدەست سروشتەوە بشارێتەوە، مەزنیو هێزی ئەوەی کە پێی دەوترێت کەلتوور یان رۆشنبیری لەتەک پەنابردنە بەر ئایین وەک دڵدانەوەی خۆیو ڕەواندنەوەی ترسو بیم یارمەتی دەدەن کە گرەوی بڕواو ئیمان بباتەوە، بەوەش دەکرێت غافڵگیر بێت، بەڵام هەر ئەوەندەی سروشت تووڕەو بێباک بێت، هەموو شتێک ئەگەری ئەوەی هەیە بکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسیو بگرە دابڕمێت، ئاگرکەوتنەوە، لافاو، بروسک، باوو بۆران، گەردەلوول، گڕکانو بوومەلەرزە لەدەرەوەو لەناو سروشتدا هەن، بەهەمان ئەندازە ئەو سروشتە کێویو شێتە دەنێو ژنەکانو پیاوەکاندا هەن، گڕکانو لافاوو گەردەلوولیش دەنێو خوێنی مرۆڤەکاندا هەن، ئەوەی لەناوەوە ئێمە لێ دەخورێت شەوەزەنگێکە (فرۆید) بەنائاگاهی یان نەست ناوی دەبات، هەرگیز هوشیاریو کۆتو بەندەکانی ناو عەقڵ جێگەی متمانە نییە. لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی بۆ هەمیشە لەشوێنێکداو لەکاتێکدا مرۆڤەکان شتی وایان لێدەوەشێتەوە کە عەقڵ قایل ناکاتو هەر هەموو ئەندازەسازیو پرۆژەکانی هوشیاری هەڵدەوەشێنێتەوەو سەرسامان دەکات، مرۆڤ هێشتا وا دەنێو سروشتدا، یان ئەوەی کە پەیوەندی بەغەریزەی سێکسیو هێزی ئێرۆتیکییەوە هەیە، هێشتا سروشتێکی کێوی وا دەنێو مرۆڤدا ماوە، وا چاکە شارستانییەتو هەوڵە فیکریو ئایدیۆلۆژیاکان، چ ئاسمانیو چ سەرزەمینی، فریومان نەدەن بەوەی ئەوەی لێمان دەخورێت تواناکانی عەقڵە. تا هەنووکە ژیانی شارستانیانە پێویستی بەدۆخێکی وەهمەگەرایی هەیە، بەواتایەکی دیکە جۆرێک لەخۆهەڵخەڵەتاندن. خودی بیرۆکەی یان بڕوای هەبوونی میهرو سۆزو بەزەیی پڕو دەوڵەمەندو لەبن نەهاتووی (خوداو سروشت) یەکێک بووە لەمیکانیزمە هەرە کاریگەرەکانی مانەوەو زیندەگی مرۆڤ. بێ ئەو بڕواو بیرۆکەیە ئەگەری ئەوە زۆرە کە کەلتوورو ژیارو مەیدانی رۆشنبیری خودی مرۆڤەکان بخاتەوە ناو ترسو نائومێدیو هەرەسەوە، چونکە زۆر نین ئەو کەسانەی دڵئازاو سەرکێشن، زۆر کەمن ئەوانەی رێز لەو سروشتە کێویو زۆر سەرەتاییەی ناو جەستەو رۆحی خۆیان دەگرن..!

**هیچ هیوایەکمان لەبەردەمدا نییە بۆ تێگەیشتن لەسێکسو گرفتی نێوان مێو نێر وەک دوو رەگەزی لەیەکچوو یان جیاواز گەر نەتوانین لەسروشتو نهێنییەکانی تێبگەین**



ئادەمو حەوا

**مەزنیو هێزی ئەوەی کە پێی دەوترێت کەلتوور یان رۆشنبیری لەتەک پەنابردنە بەر ئایین وەک دڵدانەوەی خۆیو ڕەواندنەوەی ترسو بیم یارمەتی دەدەن کە گرەوی بڕواو ئیمان بباتەوە**

Sherzadhassan.com